# کورد و ڕەهەندەکانی ڕۆشنبیری

د. شەماڵ ئیسماعیل پوور
(سەقز)

## بەرایی

ڕۆشنبیری و گرینگی ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵگە هەمیشە حاشاهەڵنەگرە. ئەم بابەتە لە زانستە مرۆییەکان و لێکۆڵینەوە فەرهەنگی و گوتارە سیاسییەکاندا هەرگیز کۆن و بۆژۆ نابێت، هەربۆیە هەڵدەگرێ بە شێوازی نوێ و نوێتر بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی تایبەت. فەیلەسووف و کۆمەڵناسەکان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە ئەم بابەتەیان تاووتوو کردووە. لەم وتارەدا تیشک دەخەینە سەر کاریگەری و جێپێی دیاردەی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا. ئەم کاریگەرییە بە نەتەوەی کورد و بارودۆخی کوردەوە گرێ دەدەین و ڕۆشنبیری نەتەوەی بێدەوڵەت پێناسە دەکەین و لە کۆتاییدا بۆ پرسی ناسنامەی نەتەوەیی لە دەربیجەی ڕۆشنبیرییەوە دەڕوانین.

## ڕۆشنبیری

وشەی ڕۆشنبیر لە وشەی فەڕەنسی (Intellect) وەرگیراوە و بە واتای هێزی عەقڵە. ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٦٠ز) لە وتارێکی پیسارۆفی ڕووسیدا هات و بۆ لاوانی ئاکادیمی بەکار برا. ئەو لاوانەی خاوەنی ئەندێشەیەکی (فکرەیەکی) ڕەخنەگرانە بوون. لە ئەندێشەی مارکسیستیدا چەمکی ڕۆشنبیر لەگەڵ چەمکی چەپ بە یەک واتا هاتوون. بە دڵنیاییەوە گەشەی گەلان و ڕزگاربوونیان لە دواکەوتوویی

و خورافـات و ژێردەسـتی، لـە سـۆنگەی چالاكـی و كاری ڕۆشـنبیرانەوە بـووە. ڕۆشـنبیران كارێكـی زۆر دژواریـان لـە ئەسـتۆیە. ڕەنگـە هیـچ كارێـك بـەڕادەی وەئاگاهێنانـەوەی خەڵـك دژوار نەبێـت. كاری ڕۆشـنبیری جۆرێـك لـە پەروەردەیـە. كاری پـەروەردەش گەلێـك دژوار و پسـپۆڕخواز و كاتبـەر و تێچوو هەڵگرە. ئیمانوئێل كانت دەڵـێ: لـە نێو داهێنانەكانـی بەشـەردا، دوو شـت لەوانـی دیكـە دژوارتـرن، یەكیـان هونـەری بەڕێوەبردنـی وڵات و ئـەوەی دیكەیـان هونـەری پـەروەردە.

## زمانی ڕۆشنبیر

ڕۆشـنبیر خاوەنـی زمانـی تایبـەت بـە خۆیەتـی. ئیـدوارد سـەعید دەڵـێ: كەسـی ڕۆشـنبیر ئەگـەر زۆر پسـپۆڕانە بـدوێ، كـەس لێـی حاڵـی نابـێ و ئەگەریـش زۆر سـاكار و سـادە بـدوێ دەچێتـە حاڵەتـی پۆپۆلیزمـەوە، كەوابـوو كەسێكی ئەوتـۆ دەبـێ لەگـەڵ ئـەوەدا كـە خاوەنـی زانایـی تایبەتە، دەبـێ بەزمانـی ناپسـپۆڕانە و تایبـەت بـدوێ. تاكوو هەمـوو خەڵـك لێـی تـێ بگـەن و وتەكانـی فـام بكـەن و بتوانـێ قسـەی خـۆی بـە گوێـی هەمـوو خەڵـك بگەیەنـێ.

## كاری ڕۆشنبیر

لـە نێو گەلانـی خـاوەن دەوڵەتـدا، كاری بنەڕەتـی ڕۆشـنبیر ڕەخنەگرتـن لـە دەسـەڵاتە. دەسـەڵات بـە بـێ ڕەخنـە لێگرتـن و چاودێری كردنـی ڕۆشـنبیران دەگنخـێ. دەسـەڵاتدار كـە لـە دەسـەڵاتدا مایـەوە، ئاشـقە خـۆ دەبێـت و بێجگـە لـە خـۆی كـەس نابینـێ و تاكڕەوانـە كاران ڕادەپەڕێنـێ و دەسـتی بـۆ هەمـوو خراپەكارییـەك ئـاوەڵا دەبێـت. هێـدی هێـدی لـە یاسـا و ڕێسـاكانی كۆمەڵگـە دوور دەكەوێتـەوە و دەچێتـە چوارچێـوەی ئایدیۆلۆژیاوە. لـە وەهـا حاڵەتێكـدا لەباتـی پێملبـوون بـە یاسـا و داخوازییەكانـی گـەل و نەتـەوە، حـەز و ئاواتـە تاكڕەوانەكانی خۆی دەكاتـە یاسـا و خەڵـك پێملـی ویسـتەكانی خۆی دەكات. ڕۆشـنبیری بوێـر و نەترس و ئـازا دێتـە مەیدانـەوە و بـە ڕەخنـەی ڕۆشـنبیرانە بەرهەڵسـتی دەسـەڵاتدار دەبێتـەوە. ئەوسـا زۆرجـار دەسـەڵاتدار لەبـری پێكهێنانـی ئاڵوگۆڕ و چاكسـازی، پەنـا دەباتـە بـەر تیـرۆر و ڕەشـەكوژی و لەناوبردنـی كەسـی ڕەخنەگـر.

مێـژووی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن پـڕە لـەو كوشـتن و بڕیـن و دوورخسـتنەوە و ژیـان لـێ ئەسـتاندنانە. ئـەم دیاردەیـە لـە مێـژووی وڵاتێكـی وەكـوو ئێرانـدا هێنـدە بەرچـاوە كـە نووسـەرێكی وەكوو عەلیـڕەزا قولـی كتێبـی كۆمەڵناسـی بـژاردە كـوژی (جامعەشناسـی نخبـە كشـی) نووسـی و كومەڵناسـانە ئـەم دیـاردە دژە مرۆڤانەیـەی تاووتـوو كـرد. ئـەم كتێبـە بـە شـێوەیەكی كۆمەڵناسـانە بـاس لـە ملهـوڕی و دواكەوتوویـی دەسـەڵاتداران دەكات كـە چـۆن كەسـانی بژاردەی گـەل و نەتـەوە خۆشەویسـت دەكـوژن و پێیـان خۆشـە خەڵـك گێـل و نـەزان بمێننـەوە. ڕۆشـنبیر لەنێـو گەلانـی دواكەوتـوودا دەكەوێتـە بـەر غەزەبـی خەڵكیـش، هەربۆیـە زۆر جـار ڕۆشـنبیر و جیابیـران بـە دەسـتی گرووپـە توندئاژۆكانـی ئـەو كۆمەڵگەیـە كـوژراون. ئـەم دیاردەیـە بەجۆرێـك بەربـڵاوە كـە دەتوانیـن لەنێـو هەمـوو گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا نموونـەی بـۆ بێنینـەوە.

## دەردی ڕۆشنبیر

ژان پـۆل سـارتر پێـی وایـە كـەس ڕۆشـنبیری نـاوێ و كەسـیش بـە فەرمـی نایناسـێ، تەنانـەت خەڵكـی ئاساییش بـە هێنـدی وەرناگرن و لەلایـان گرینـگ نییـە. ئـەو لای وایـە كاتێـك ڕۆشـنبیر هاتـە گۆڕەپانـی چالاكـی ڕۆشـنبیرانەوە، چینـی دەسـەڵاتدار بـە خاینـی دەزانـێ و پێـی وایـە دژی

ئـەو سیسـتمە ڕاساوە کـە ئـەوی پـێ گەیانـدووە. چینـی هەڵبـژاردەش نایانـەوێ و لایـان وایـە بـە دژی داخـوازی و قازانجـی ئـەوان دەجووڵێتـەوە. دەردی سـەرباری دەردانیـش ئەوەیـە کـە چینـی زوڵـم لێکراویـش لێـی دڕدۆنـگ و بەگومانـن و دەیخەنـە بـەر تیـری قسـە و قسـەلۆک و پاشـگر و پێشـگری ناحـەز و دوور لـە ڕاسـتی، تەنانـەت بـووە ڕۆشـنبیریان بـە تاوانـی دژە دیـن و دژە خـودا بـوون کوشـتووە و خەڵکانـی دیکـەش شـادمانی خۆیـان لـەو کوشـتنە دەربڕیـوە، ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە وەکـوو سـارتر دەڵـێ ڕۆشـنبیر بەرهەمـی هیـچ بڕیارێکـی پێـش وەخـت نییـە.

واتـە هیـچ کـەس و لایـەن و گـرووپ و حـزب و ڕێکخراوەیـەک ڕۆشـنبیریان پـەروەردە نەکـردووە. ڕۆشـنبیر بـە هـۆی تایبەتمەندییەکانـی خـۆی ڕۆشـنبیرە و کـەس ناتوانـێ ئـەو نازنـاوەی پـێ ببەخشـێ. هەڵبـەت لـە کۆمەڵگـە نەخـۆش و کەمـزان و دواکەوتووەکانـدا دەسـەڵات، یاخـۆ لایەنـە بەهێـزەکان ڕۆشنبیری درۆیین و ناڕاست دادەتاشـن و وەکـوو کـورد دەڵـێ، سەرلووسـی بـن پیـس دەیخەنـە بـەر چاوی کۆمەڵگـە. بەڕواڵەت ڕۆشـنبیرە و لـە ڕاستیشـدا ناڕۆشـنبیر و فریـودەر و خەڵـک خەڵەتێـن، لێـرە دایـە کـە ڕۆشـنبیر و ناڕۆشـنبیر دەبنـە دوو چەمکـی ململانێکـەر. کـردەوەی کەسـی ناڕۆشـنبیر بـە بابەتـی ڕۆشـنبیری بـە خەڵـک دەفرۆشـرێ و خیانەتـی ڕۆشـنبیری وەکـوو چەمکێکی حاشـا هەڵنەگـر دێتـە ئـاراوە.

ژۆلیـن بێنـدا و ژان پـۆل سـارتر دەڵێـن، ڕۆشـنبیر بـە هـەر هۆیـەک خیانـەت بـە ئارمانـی ڕۆشـنبیری بـکات، واتـە خـۆی لـە هـەق و دادپـەروەری و ئـازادی ببوێـرێ، خاینـە. هەقیقـەت و دادپـەروەری و ئـازادی سـێکوچکەی ڕۆشـنبیری و مەزنایەتـی مـرۆڤ و چەمکـە گرینگەکانـی ژیانـن. فێدریکـۆ مایـور شـاعیری کاتالۆنیایـی دەڵـێ: ڕۆڵەکانـم مـن بـۆ ڕزگارکردنـی ئـەم سـێ وشـەیە ژیـاوم: کـە بـە میـرات بۆتانـی بەجـێ دێڵـم، عەشـق و دادپـەروەری و ئـازادی. لـە نێـو ئـەم سـێ وشەیەشـدا ڕەنگـە ئـازادی ئـەو بەختـەی بووبـێ کـە زۆرتـر لەوانیتـر کاری بـۆ کرابـێ و حورمەتـی لـێ گیرابـێ و خوێنـی بـۆ ڕژابـێ و سـەربازی ڕۆشـنبیری زۆرتـر بووبێـت. دوکتـۆر مسـتەفا ڕەحیمـی دەڵـێ: ئـازادی ئەگـەر ببـێ بـە دیلـی مـن، ئیتـر ئـازادی نییـە، بەڵکـوو دیلییـە، کەوابـوو ئـازادی، واتـە ئـازادی جیـا بیـران.

مارکس لەسـەر ڕۆشـنبیر پرسـیارێکی جەوهـەری هەیـە و دەڵـێ: ڕۆشـنبیر چ کارکردێکـی لەسـەر بەرهەمـی کۆمەڵایەتـی هەیـە؟

فرانسـوا شـاتلە لەمـەڕ ڕۆشـنبیر لێدوانێکـی سەرنجڕاکێشی هەیـە کـە دەکـرێ بڵێیـن بـە جۆرێـک وەڵامـی پرسـیارەکەی مارکسـی تێدایـە. بـە بـڕوای شـاتلە ڕۆشـنبیر لەخۆیـدا دژی پیرۆزییـە. دژی کۆمەڵگەیەکـە کـە هەقیقـەت و ڕوونـی و ڕوونبێـژی بـە ڕەوا نازانـێ. ڕۆشـنبیر خـۆی بـە بەرپـرس دەزانـێ. نـەک لەبـەر ئـەوەی کـە خـاوەن زانسـتە و ئیمـان و بڕوایەکـی تایبەتـی هەیـە، یاخـۆ نـەک لەبـەر ئـەوەی کە لایقـە، بەڵکـوو لەبـەر ئـەوەی کـە خـاوەن ئیرادەیـە. ڕەنگـە هـەر ئـەو ئیرادەیـە بێـت کـە کارێـڵ مانهایمـی کۆمەڵنـاس دەڵـێ: ڕۆشـنبیر بەرهەمـی کۆمەڵگەیـە و لـە چـاو چینەکانـی تـر پێگـەی سـەرتری هەیـە.

## بارودۆخی کولتووری و سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا

ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بەدرێژایـی مێـژوو گۆڕەپانـی ململانێـی بزاڤـە جۆراوجۆرەکان بـووە. ئـەم ناوچەیە هیـچ کات لـە توندوتیـژی و پێکـدادان و شـەڕ و ئـاژاوە و کێشـەی ئایینـی و نەتەوەیـی و ئازادیخـوازی و پاوانخـوازی و.... بـەدوور و بـەدەر نەبـووە.

باسـکردن لـە ڕۆشـنبیری و پێناسـەی ڕۆشـنبیر لـە

وڵاتان و لە نێو گەلانی ئەم ناوچەیەدا کارێکی هاسان نییە. بەهۆی زاڵبوونی هەژموونی ئایینی لەم ناوچەیەدا، ڕۆشنبیری ئایینیش لە چاو ڕۆشنبیرانی تر دەم لەپێشتر و قسە ڕۆیشتووترن. بەم پێیە لێرەدا باسی ڕۆشنبیری بەگشتی دەکەین و لێکیان هەڵناوێرین. بۆ ئەو مەبەستە پۆلینبەندی مەحموود سەریعولقەلەم لەسەر فەرهەنگی ئێرانی و گشتاندنی ئەم فەرهەنگە بەسەر فەرهەنگی خەڵکانی ناوچەکەدا دەکەینە بەڵگە. ناوبراو دەڵێ: فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران دوو ئاستی لە فەرهەنگ بەخۆوە دیوە:

**یەکەم:** فەرهەنگی شاری و عەقڵی و پیشەسازی.

**دووەم:** فەرهەنگی عەشیرەتی و گوندی و سوننەتی.

پاشان لە پێناسەی فەرهەنگی عەشیرەتیدا سێ تایبەتمەندی بۆ دادەنێ و ئاوا ڕیزبەندی دەکات: **یەکەم**، خزمخوازی **دووەم**، ڕۆحی شەڕانگێزی و **سێیەم**، پاراستنی عەشیرەت لە ڕێی پەلامار و هێرشەوە.

دیارە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا کاری ڕۆشنبیر گەلێک دژوارتر لە کاری ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەکانی دیکەیە. لەم کولتوورەدا تا خزموکەس نەبی و بە خوێنی بنەماڵەیی بە عەشیرەتەوە گرێ نەدرێی، نابینرێی و دەرەتانی خۆ نیشاندانت نابێ. تاکی کۆمەڵگە کە خاوەنی خوو و خدەی شەڕانگێزی بێت، ناتوانێت بکەوێتە بەر کاریگەری کاری ڕۆشنبیر. بۆ پاراستنیش دیارە عەشیرەت لە هیچ توندوتیژییەک خۆ نابوێرێ و هەموو شێوە توندئاژۆییەکان تاقی دەکاتەوە، لە وەها حاڵەتێکدا بە دڵنیاییەوە بزاڤی ڕۆشنبیری غەوارە دەبێت.

## ڕۆشنبیری نەتەوەی بێ دەوڵەت

دیارە نەتەوەخوازی دیاردەی سەردەمی دوای ڕێنێسانس و وەئاگاهاتنەوەی گەلانی ئەورووپایە. لە سەردەمی سەدە تاریکییەکاندا نەتەوە و نەتەوەخوازی هیچ واتایەکی نەبوو. ئەوە گرینگ بوو کە هەمووان لەبن سێبەری ئایینی مەسیحییەتدا کۆببووبوونەوە. بە پێی یاسای ئاسمانی ئەو دینە خەڵک دەژیان، بەڵام پاش شۆڕشی وەئاگاهاتنەوە و ڕزگاری خەڵک لە کۆتوبەندی کڵێسە، هێدی هێدی بیری نەتەوەخوازی سەری هەڵدا و دەوڵەت نەتەوەکان بیچمیان گرت. ئەم دیاردەیە بوو بە هۆی دروست بوونی ئەوینێک بۆ خاک و ئاو و زێد و زمان و نیشتمان و نەتەوە. ئەم ئەوینە تەشەنەی کرد و هەموو جیهان و هەموو گەلانی جیهانی گرتەوە و بۆ دروستکردنی دەوڵەت نەتەوەی خۆیان تێکۆشان.

دیارە بە هۆی بارودۆخی تایبەتی ناوچەکە و گەلی کورد، ئەم نەتەوەیە بەو ئاستە نەگەیشت و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە بێ دەوڵەت ماوەتەوە، هەر بۆیە ناچارین ناوی ڕۆشنبیرانی نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ڕۆشنبیری کورد بنێین. ڕۆشنبیری کورد لە وەها حاڵەتێکدا بۆ کارکردن لەسەر دەسەڵات و دروستکردنی هەژموون و کاریگەری خۆی لەسەر دەسەڵات بە قازانجی نەتەوەکەی دەست بەکار دەبێت. هێندێک لە ڕۆشنبیران دەبنە ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەل و بزاڤی ناسیونالیزم وەڕێ دەخەن، هەر بۆیە بەتوندی دەکەونە بەر غەزەبی دەسەڵات و بە هەموو جۆرێک گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و بۆ پاراستنی گیان و مانیان دەبێ بچنە جلوبەرگی خەباتکارەوە. شاخ بکەنە ناوەندی ڕۆشنبیری خۆیان و لەوێوە دزە بکەنەوە نێو شار و گوندی وڵاتەکەیان.

دیارە ئەو ڕۆشنبیرانە پێش لەوەی وەکوو ڕۆشنبیر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و وەکوو ڕۆشنبیر بناسرێنەوە، لەبەر چاوی خەڵک دەبنە

شۆڕشـگێڕ و خەباتکـەر.

دەسـەڵاتی سـەر نەتـەوە بێ دەوڵەتـەکان، بـە هیـچ جۆرێـک ددان بـە نەتەوەبوونـی ئـەو گەلانـەدا نانێ. ئـەم دەسـەڵاتانە لـە هیـچ شـوێن و هیـچ وڵاتێکـدا بـۆ گرووپـە جیاوازەکانـی نێـو قـەوارەی سیاسـی خۆیـان، چەمکـی نەتـەوە بـەکار ناهێنـن. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە بـە پێـی جاڕنامـەی مافـی مـرۆڤ، دەبـێ سـەربەخۆیان بکـەن و مافیـان پـێ بـدەن.

تەنانـەت ئەگـەر ناچـار بـن لـە یاسـای بنەڕەتیـدا ددانیـان پێدابنێـن، لـە ئەمـری واقعیـدا حاشـایان لـێ دەکـەن و بـە توندتریـن شـێوە حـەز و بزاڤـی نەتەوەخوازییـان لـێ دەسـتێنێتەوە. لـە ئاسـت ئـەم گەلـە ژێردەسـتانەدا هێنـدە دڵـڕەق دەبـن کـە مـاددە دەسـتوورییەکانی خۆشـیان لـە حاندیـان پێشـێل دەکـەن. هـەر بۆیـە لـە وەهـا حاڵەتێکدا ڕۆشـنبیری نەتەوەخـواز سـەر هەڵدێنـێ، یـان ڕۆشـنبیر هـەر بیـر و بۆچوونێکـی بـۆ گەلەکـەی ببـێ، دەخرێتـە بازنـەی ڕۆشـنبیری نەتەوەخـوازەوە و دەسـەڵات بـە توندتریـن شـێوە هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ دەکات و ئاسـتەنگ دەخاتـە بـەر پێـی. زۆر جـار بـووە کـە ڕۆشـنبیر لـە وەهـا بارودۆخێکـدا بوونـی بـۆ دەسـەڵات بڤـە بـووە و قەبـووڵ نەکـراوە و گیانـی لـێ سـتێنراوە.

هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە کـە دروسـتبوونی بزاڤـی نەتەوەخـوازی لەنێـو هـەر گـەل و نەتەوەیەکدا پێویسـتی بـە بوونـی ڕۆشـنبیران هەیـە.

**ڕۆشـنبیران لـەم حاڵەتـەدا بـۆ سـێ دەسـتە دابـەش دەبـن:**

**یەکـەم:** ڕۆشنبیرانی ڕیفۆرمخواز: ئـەم ڕۆشـنبیرانە دەچنـە کار و چالاکـی لـە دەمـودەزگای دەسـەڵاتدا و بـە هیـوان لـە ڕێـی ڕیفۆرمـەوە بـە ئامانجەکانیـان بگـەن. دەیانـەوێ لەڕێـی یاسـایی و پەرلەمـان و چوارچێـوەی دەسـەڵاتەوە چاکسـازی بکـەن و بەدەسـتی ئـەو کەسـانە ئاڵوگـۆڕ دروسـت بکـەن کـە بۆخۆیـان بوونەتـە هـۆکاری مافخـوراوی نەتەوەکەیـان. دیـارە ڕیفـۆرم و چاکسـازی لەوەهـا بارودۆخێکـدا ئەسـتەمە و ئەگەریـش بڕێـک دروشـم و قەولـی کاڵ بدرێـت، ناچنـە چوارچێـوەی کـردەوە و دابەزینـەوە.

**دووەم:** ڕۆشنبیرانی نێو دامودەزگا خۆجێییەکان: ئـەم ڕۆشـنبیرانەش بـە کارکـردن لـە نێـو پێکهاتـە خۆجێییەکانـی پێمـل بـە دەسـەڵاتدا سـەرهەڵدەدن و دەیانـەوێ بـەم کارە خەڵـک و نەتـەوە بپارێـزن و کار بـۆ پاراسـتنی بەهاکانـی نەتەوەکەیـان بکـەن. دیـارە ئەگـەر دەسـەڵاتێک هێنـدە لـە خـۆی ڕاببینـێ دامـودەزگای نەتەوەیـی دابمەزرێنـێ، دەشـتوانێ ڕۆشـنبیرانێک لـە چوارچێـوەی ئـەم دامودەزگایانەدا ببینـێ، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئـەم ڕۆشـنبیرانەش بـە دەردی ڕۆشـنبیرانی پێشـتر دەچـن و کارێکـی ئەوتۆیـان لـە دەسـت نایـات.

**سێیەم:** ڕۆشـنبیرانی وەفـادار بە نەتـەوە و گەلی خۆیان:ئـەم ڕۆشـنبیرانە هەمـوو ژیانیـان تەرخانـی گـەل و نەتـەوە دەکـەن و ناهێڵـن نەتەوەکەیـان لـە نەتـەوەی زاڵ و باڵادەسـتدا قـاڵ بێـت و بتوێتـەوە.

ئەمانـە ئیـدوارد سـەعید گوتەنـی بـە زمانـی نەتـەوەی خۆیـان دەدوێـن و خۆیـان لەگـەڵ جیـا ناکەنـەوە و لـە گـەڵ ئەوانـدا دەژیـن و وەکـوو ئـەوان دەژیـن و لـە کۆتاییشـدا سـەریان لـە ڕێـی کاری ڕۆشـنبیری دادەنێنـەوە.

## ڕۆشنبیری کورد

کـورد وەکـوو نەتـەوە و شـێوەی ژیانـی لـە نێـو ئـاو و خاکـی خـۆی لـە چـوار وڵاتـدا دەژی. هـەر بەشـێک لـە کوردسـتان بـە پێـی بارودۆخـی ئـەم وڵاتانـە پێناسـەی دەکـرێ. ژیـان و کولتـوور و جیهانبینـی، تەنانـەت شێوەزاریشـی کاریگـەری لـەم وڵاتانـە وەرگرتـووە.

ڕۆشـنبیری هەر بەشـێک بە پێی دۆخی ئەو بەشـە دروست دەبێت. دەتوانیـن بڵێیـن ڕۆشـنبیرانی کورد

بـه پێـی پارچـەی کوردسـتانی، شـوێنی ژیانیـان لەگـەڵ یەکتـر وردە جیـاوازی تایبەتیـان هەیـە. ئـەم جیاوازیانـە دەکرێ ببێتـە هەوێنـی ڕۆشـنبیری جیـاواز لـە یەکتـر کـە ئاسـۆی هەموویـان کـورد بوونـە و ئاکامـی خەباتـی هەموویـان بـۆ مانـەوەی نەتـەوەی کـوردە.

ڕۆشـنبیری هـەر بەشـێک لـە کوردسـتان لەگـەڵ جۆرێـک دەسـەڵاتی تایبەتـدا ڕووبـەڕووە کـە لـە دەسـەڵاتی بەشـەکانی دیکـە ناچـێ، هـەر بۆیـە ئـەم ڕۆشـنبیرانە ناچـارن بـە پێـی بارودۆخـی خۆیـان کار بکـەن و بـە پێـی ڕادەی دەسـەڵات و هێـزی ئەژنـۆی خۆیـان هەنـگاو بنێـن، دیـارە ئـەم هێزی ئەژنۆیـە لـە هێندێک دۆخـی زەمانـی و شـوێنی تایبەتـدا دەکرێ بـە پڕتـاو بـەرەو پێش بچـێ و لـە هێندێـک دۆخـی زەمانـی و شـوێنی تایبەتـدا بـە دارەدارەش نـاگات.

بەرپرسـایەتی ڕۆشـنبیری کـورد لەبـەر بارودۆخی کـورد و کوردسـتان زۆر زیاتـرە لـە بەرپرسـایەتی ڕۆشـنبیرانی گەلانـی دیکـە. گەلانـی دیکـە دەتوانـن لـە نێـو چوارچێـوەی دەسـەڵاتدا خـاوەن حـزب و گـرووپ و هەژموونـی خۆیـان بـن.

بەڵام هیچ دەزگا و دەسـەڵاتێک لە پشـت ڕۆشـنبیری کـوردەوە نییـە. تەنیـا و بـێ کـەس و بـێ پشـتیوانە، هـەر وەکـوو پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، دەسـەڵات بـە خاینـی دەزانـێ و چینـی هەڵبـژاردەش نایـەوێ و چینـی زوڵـم لێکراویـش لێـی بـە گومـان و دڕدۆنگـە (ژان پـۆل سارتر)

ڕۆشـنبیری کـورد لـە هەمـوو پـرس و کێشـەکانی کـورد دەڕوانـێ. دەبـێ بـۆ جـۆری بیرکردنـەوەی نەتەوەکـەی بـە خـەم بێـت. بـۆ زانسـتی کـورد هـەوڵ بـدات و بـە خەمـی زمـان و کولتـوور و بەهاکانییـەوە بێـت. یەکێـک لـە کێشـە تایبەتەکانـی ڕۆشـنبیری کـورد ناسـەربەخۆیی بڕیـار و ڕوانینـە. بەختیـار عەلـی دەڵـێ:ڕۆشـنبیری کـورد خـۆی لـە چوارچێوەی حزبێکـدا دەبینێتـەوە و لـە باشـترین حاڵەتـدا دەبێتـە ڕەخنەگـری حزبەکـەی. ئەگـەر ڕۆشـنبیری کـورد خـۆی لـە بازنـەی حزبـە کوردییەکانیـش ڕزگار نـەکات و نەکەوێتـە پێـش ئەوانـەوە، سـەربەخۆیی ڕۆشـنبیری و فیکـری نامێنـێ و کاریگـەری لەسـەر کۆمەڵگـە کـەم دەبێتـەوە.

## ڕۆشنبیر و ناسنامە و کۆمەڵگە

کاری فیکـری بـۆ کۆمەڵگـە سـەرەتا لـە ئەدەبـی مارکسـییەوە سـەر هەڵـدەدات. ئـەم بیرۆکەیـە لـە کۆمەڵگەکانـی ئـەو کاتـەدا زۆر جـێ نەکـەوت و پێشـوازی باشـی لـێ نەکـرا، لـە لایەکـی تریشـەوە بیـری نامارکسـی بـە جێـی کاری فیکـری لـە ژیانـی فیکـری کۆمەڵگـە ڕامـا. ئـەم بۆچوونـە بـۆ ژیانـی فیکـری و ڕۆشـنبیری، مرۆڤـی خوێنـدەواری کـردە هاودەمـی ژیانـی فیکـری و ڕۆشـنبیری لـێ دروسـت بـوو. بـەم پێناسـەیە ڕۆشـنبیر کەسـێکە لەسـەر کۆمەڵگـە کاریگـەری تایبەتـی هەبـێ و بـۆ ناسـنامەی نەتـەوەش تێبکۆشـێ. مـادام کـە خوێنـدەواری بـوو بـە پێناسـەی ڕۆشـنبیری، ئاخـۆ لـەو کۆمەڵگەیانـەدا کـە هەمـووان خوێنـدەوارن، هەمووشـیان ڕۆشـنبیرن؟

لێـرەدا پێناسـەی تایبـەت دەخـوازێ و دەبـێ کەسـی ڕۆشـنبیر لـە خوێنـدەواری ئاسـایی جیـا بکرێتـەوە. کەسـێک کە بتوانێ لە سـەقامگیرکردنی ژیانـی فیکریـدا شـوێن و کاریگـەری هەبـێ، دەبێتـە ڕۆشـنبیر.

## شوناسی نەتەوەیی

کاتێـک ئـەم شوناسـە دروسـت دەبێـت کـە کەسـێک تێیـدا هۆگـری و پێوەنـدی بـە دەوڵـەت، یـان نەتەوەکەیـەوە دروسـت بێـت و ئـەم پێوەندییـە بـە خەڵکێکـەوە گـرێ بـدات کـە نەتەوەیـەک سـاز دەکات. خاڵـی هاوبەشـی لەگـەڵ ژیانـی خەڵکـی

دەبێتە سەرەکیترین خاڵی شوناسی نەتەوەیی. ئەرێنیترین خاڵی شوناس لە نەتەوەدا دەبێتە نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی گەل و نیشتمان. ئەو حاڵەتەی کە مرۆڤی نەتەوەیی، لە پەنا گەلان و نەتەوەکانی دیکەدا سەربەرزی و گەورەیی و سەربەخۆیی بۆ گەلی خۆی دەخوازێ.

مامۆستا هێمن گوتەنی، ئارەزوو دەکات هەموو گەلان بە ئازادی بژین و دیلی و مافخوراوی بۆ کەس ناخوازێ. خاڵی نەرێنی نەتەوەخوازی و توند و تیژبوون لەم حاڵەتەشدا دەبێتە شۆڤێنیزم کە تەنیا نەتەوەی خۆی دەبینێ و حەز بە دیلی و نەمان و بێدەرەتانی گەلانی دیکە دەکات. ڕۆشنبیری کورد کارێک دەکات کە تاکی کۆمەڵگەی کوردی هەست بە بەرپرسایەتی بکات. بتوانێ لەبەرانبەر ئەوەی تردا خۆی پێناسە بکات و شوناسی نەتەوەیی خۆی بەهێندەوە بگرێ و بە بێ خۆ بە کەم زانین لە نەتەوە و شوناسی خۆی بدوێ. ڕۆشنبیر لە نێو نەتەوەی کورد دا و لە ساتە تایبەت و پێویستەکاندا یەکریزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی دروست بکات.

ڕۆشنبیر بە دوور لە هەر بیرێکی میتافیزیکی و ئاسمانییە لە ئاخاوتن و دربرینی بیری ڕۆشنبیری خۆیدا، واتە هیچ پاشگر و پێشگرێکی جیا لە ڕۆشنبیر لەگەڵدا نایەت و ئەگەر کەوتە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کۆمەڵایەتییەوە، لە بەشێکی زۆر لە خەڵک جیا دەبێتەوە و ڕۆشنبیری پێ ناکرێت. کە وابوو ڕۆشنبیر دەبێ سەرتر لە هەموو ئایدیۆلۆژی و چوارچێوەکان بێت. ڕۆشنبیری کورد تا تیۆری خۆماڵی نەبێت، ناتوانێ کارێک بۆ ناسنامە و کێیەتی گەل بکات.

جەلال حاجی زادە دەڵێت: ڕۆشنبیری کورد دەبێ بە پێی کۆمەڵگەی خۆی هەوڵی داهێنان و خوڵقاندنی تیۆری نوێ بدات و ڕووی لە داهاتوو بێت. ڕۆشنبیری کورد دەبێ بە پێی دەقی خۆی پێناسەی لە ناسنامە ببێ. خوێندنەوە ناکوردانە و دانانی پێناسەی نا کوردی بۆ ناسنامەی کورد، ئەو ناسنامە دڵخوازەی لێ دروست نابێت کە بتوانێ ئەم نەتەوەیە بگەیەنێتە ئاستێک کە سەرێک بێت لە نێو سەرانی دیکەدا. بۆ گەیشتن بە بەرئەنجامێک دەڵێین کە ڕۆشنبیری و گرینگی ئەم بابەتە هەمیشە بۆ کۆمەڵگە پێویستە. ڕۆشنبیری خاوەن زمانی خۆیەتی و دەبێ خەڵک بە دوای خۆیدا بەرێ. هەرگیز لە ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات غافڵ نەبێت و ئەم بابەتە بە ئەرکی بنەڕەتی خۆی بزانێ. ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کارێکی زۆر ئەستەمە و هێندێ جار گیان لە دەستدانی پێوەیە. ڕۆشنبیر سەر بە هیچ لایەن و ئایدیۆلۆژیایەک نییە و سەربەخۆ دەمێنێتەوە و هەموو کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە دەناسێ و بۆ لابردن و چارەسەریان کار دەکا. بە پێی پێویستییەکانی نەتەوەی خۆی هەوڵ و تێکۆشانی دەبێت و بە پێی کۆمەڵگەی خۆی هەوڵی داهێنان و خوڵقاندنی وتاری تیۆری نوێ دەدات.

ژێدەر:

(١) کار روشنفکری، بابک احمدی، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٤.

(٢) در دفاع از روشنفکران، ژان پل سارتر، ترجمە رضا سید حسینی، نشر نیلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٥.

(٣) تغییر ذهن ها، هوارد گاردنر، ترجمە سید کمال خرازی، نشر نی، تهران، چاپ دوم، ١٣٨٨.

(٤) وتاری ڕۆشنبیری لە خۆیدا بۆ..... لە نووسینی جەلال حاجی زادە.